**مێژووی کوردوستان و جیۆگرافیای ناوچەکە**

کوردوستانی عێراق لە کاتی ئێستادا، بەشێکە لە کۆماری عێراق.
سۆمەرییەکان لە میزۆپۆتامیا لە ساڵی 4000 پێش لە دایک بوونی پێغەمبەر عیسا، یەکەم شاریان لەم ناوچەیەدا درووست کردووە. شوێنی نیشتەجێ بوونی ئاشوورییەکان و بابلی یەکان لە شوێنی جیۆگرافیایی ئێستای وولاتی عێراق دا بووە.
4000 ساڵ پێش لە دایک بوونی پێغەمبەر عیسا، میزۆپۆتامیا جێگای داگیرکردنی ئەلکسەندەری گەورە بووە.
ڕۆمەکان لە دواییدا هاتوونەتە ناوچەکە.

وولاتی میزۆپۆتامیا لە ساڵی 700 دوای لە دایک بوونی پێغەمبەر عیسا، بووە بە وولاتێکی ژێر دەستی عەرەب.
لە ساڵی 1532 بۆ 1920 عێراق لەژێر دەستی توورکە عوسمانییەکان دا بووە.
لە دوای ساڵی 1921 ەوە عێراق شانشینێکی سەربەخۆ بووە، بەڵام هەتا ساڵی 1932 لەژێر ئیدارەی وولاتی بەریتانیادا بەڕێوە چووە. لە ساڵی 1958 دا عێراق بووە بە وولاتێکی کۆماری.

ئیسلام ئایینی سەرەکییە لە وولاتی عێراق.

لە ساڵانی پێش و پاش لە دایک بوونی پێغەمبەر عیسا، یۆنانییەکان و دواییش ڕۆمەکان ، وولاتی میزۆپۆتامیایان داگیر کردووە. پارتەکان لە ساڵی 356 بۆ 323 ی پێش زایین و ، فارسەکان لە ساڵی 226 ی پێش زایین، میزۆپۆتامیایان خستۆتە ژێر فەرمانڕەوایی خۆیانەوە و پاش چەند گۆڕانێک کە بەسەر ناوچەکە دا هاتووە، عەرەبەکان توانیان لە ساڵانی 635 بۆ 645 ی زایینی، وولاتەکە بخەنە ژێر دەستی خۆیان.
لە ساڵی 800 ی زایینی دا و لە کاتی فەرمانڕەوایەتی خەلیفەی ئیسلام هاروونە ڕەشیددا [766 بۆ809] شاری بەغداد بووە تە پایتەختی ئیمپڕاتۆرییەتی ئیسلامی و شارەکە بووە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ کلتوور و زانست.

فەرمانڕەوایی عەباسییەکان لە ساڵی 1300 ی زایینی لە سەر دەستی مەنغۆلەکان کۆتایی هات، دوای ئەوەی بەغدادیان داگیر کردوو ڕووخانیان. دوای ئەم بەرواره بۆ 400 ساڵ، وولاتی میزۆپۆتامیا کەوتە ژێر دەستی توورکەکانەوە.
دوای کۆتایی هاتنی فەرمانڕەوایی توورکەکان، چەندەها وولات درووست بوون، کە کوردوستان بە سەریان دا بەشکرا.
دوای کۆتایی شەڕی جیهانی یەکەم، عێراقی شاهەنشاهی لەژێر فەرمانڕەوایی بەریتانیای مەزن دا [1921 بۆ 1932] درووست بوو، کە لە ساڵی 1932 دا سەربەخۆیی خۆی لە ئینگلیزەکان وەرگرت.

له ساڵی 1917 دا و پێش کۆتایی هاتنی شەڕی جیهانی یەکەم، لەشکری بەریتانیا ویلایەتی ئەوسای بەسرە و بەغداد ی داگیر کرد. ویلایەتی موصل دوای ڕێکەوتننامەیەک لەنێوان سوڵتانی عوسمانی و بەریتانیادا، لە ساڵی 1918 دا کەوتە ژێر ڕکێفی بەریتانیاوە.
لە پەیمانی [لۆزان] دا لە ساڵی 1922 بۆ 1923 باسی کێشەی سنووری نێوان عێراقی مەلەکی و تورکیا کرا. دواتر لە ساڵی 1923 دا تورکیا دانی نا بە سنووری جیۆگرافیای ئەوسای عێراق دا و، سنووری دیاریکراوی عێراق لەلایەن کۆمەڵەی نەتەوەکانی ئەو کاتەوە قبوڵ کوا، بەوەی کە ویلایەتی موصڵ بەشێکە لە خاکی عێراق. لە بەرامبەر دا تورکیا لە [10%]ی داهاتی نەوتی ویلایەتی موصڵی بۆ ماوەی [25] ساڵ لە لایەن ئینگلیزەکانەوە پێبەخشرا.
ویلایەتی موصڵیش پێکهاتبوو لە شاری نەینەوا و سنووری ئێستای کوردوستان و شاری کەرکوک.

[1934] لە بابەگوورگووڕ لە شاری کەرکوک نەوت دۆزرایەوە. لە ساڵی [1935] دا دوو خەتی بۆری گوێزانەوەی نەوت بۆ دەریای سپی ناوەڕاست بۆ شاری حەیفا [ژێر دەستی بەریتانیا] و بۆ شاری طرابلس [ژێر دەستی فەڕەنسا] درووست کران.

دابەشکردنی نەوتی ویلایەتی موصڵ پێشتر لە ساڵی [1922] دا لە لایەن ئەمەریکا و بەریتانیاوە بەم شێوەیە ڕێکخرابوو:

1. [23.75%]ی نەوتی موصڵ بۆ کۆمپانیای نەوتی British-Anglo-Persian
2. [23.75%]ی نەوتی موصڵ بۆ کۆمپانیای نەوتی American Standard Oil
3. [23.75%]ی نەوتی موصڵ بۆ کۆمپانیای نەوتی British-Netherland Royal Duch Shell
4. [23.75%]ی نەوتی موصڵ بۆ کۆمپانیای نەوتی Franch State Copany
5. [5%]ی نەوتی موصڵ بۆ کۆمپانیای Oilmogul Gulbakian ئەرۆشت.

لە ساڵی [1958] دا فەرمانڕەوایی شاهەنشاهی لە عێراق ڕووخێنراو، وڵاتێکی کۆماری درووست کرا، بەڵام هەر کێشەی یەک لە دوای یەکی بەدوای خۆیدا هێنا.
لە ساڵی [1968] دا، بەعسییەکان هاتنە سەر حوکم و دەستیان کرد بە بووژانەوە و تازەکردنەوەی وڵات و فەرمانڕەوایی نەوتیان گرتە دەست و لە ساڵی [1972] دا ڕزگاریان کرد لەژێر دەستی بێگانە.
سیاسەتی بەعس سەر بە بلۆکی ڕۆژهەڵات بوو، واتە سەر بە تەوەری یەکێتی سۆڤیەتی ئەوسا بوو.
ساڵی [1990] عێراق وڵاتی کوەیتی داگیر کرد. وڵاتە هاوپەیمانەکان بە سەرۆکایەتی ئەمەریکا، کوەیتیان لەژێر دەستی عێراق، دوای ئەنجامدانی لەشکرکێشییەک بۆ سەر عێراق، ڕزگار کرد و عێراقیان ناچار کرد:

**لە وڵاتی کوەیت بچێتە دەرەوە،**
**هەوڵی پێتاندنی چەکی کووژەر [ABC] نەداو،**
**ڕێگە بە [Inspector] ەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بدات بۆ کاری پشکنین بەدوای چەکی کۆکووژ لەناو عێراقدا.**

لەگەڵ ئەوەشدا کە چەندەها وڵاتی ئەندام لەناو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا دژی لەشکرکێشی بوون بۆ سەر عێراق، بەلآم ئەمەریکا و بەریتانیا لە بەرواری [09.04.2003]

Sarwall

لەشکرکێشییان کردە سەر عێراق و بەغدای پایتەختیان داگیر کرد و کۆتاییان بە حوکمی [صدام حسێن] هێنا لە عێراقدا.

نەتەوەیەکگرتووەکان [Sanction] ی سەپێنراویان لە بەرواری [ 22.05.2003] لەسەر عێراق هەڵگرتوو، توانای فرۆشتنی نەوتی خامیان پێدا.
[10] ئەندامی هەمیشەیی نەتەوەیەکگرتووەکان لە بەرواری [30.06.2004]، بڕیاریان دا بۆ دروستکردنی حکومەتێکی ئینتیقالی، واتە [مؤقەت] لە عێراقداو بەمەش داگیرکردنی عێراقیان لە لایەن ئەمەریکا و بەریتانیاوە کۆتایی پێهێنا.
بە پێی [Resolution Nr. 1546]ی نەتەوەیەکگرتووەکان، ئەمەریکا و بەریتانیا ئاسایشی عێراق ئەپارێزن و کۆنترۆڵەی نەوت ئەکەن، تا ئەو کاتەی عێراق داوای چوونە دەرەوەی هێزەکانیان ئەکات.

ڕژێمی صەدام سیاسەتی بە عەرەب کردنی لە کوردوستان پیادە ئەکرد، بە تایبەتی لەو ناوچانەی کە نەوتی تیادا بوو [کەرکوک] و زیاتر لە یەک ملیۆن هاووڵاتی کوردی لە نێوان ساڵەکانی [1976 بۆ 1987] لە نزیکەی [2500] گووند و شارۆچکەی کوردنشین پەرتەوازە کردوو، بۆ شارۆچکە زۆرەملێیەکانی دەرپەڕاندن.

دوای کۆتایی شەڕی عێراق ق وئێران، صدام شەڕی قڕکردنی دژی کورد دەستپێکرد. لە ساڵی ]1988[ دا هەڵەبجەی بە چەکی کیمیاوی بۆمباباران کرد و نزیکە [5000 بۆ 7000] مرۆڤی کوشت.
ئەم کارەساتەش بوو بەهۆی ڕاکردنی ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان بەرەو سنووری عێراق و ئێران و بێهێزکردنی خەباتی چەکداری کوردی لە کوردوستان.
دوای شەڕی کەنداوی دووهەم، لە ساڵی [1991] دا ڕاپەڕین دەستی پێکرد لە کوردوستان و کوردەکان توانیان ناوچە کوردییەکانی خۆیان بخەنە ژێر دەستی خۆیانەوە. شیعەکانیش لە ناوەڕاست و باشووری عێراق لە صدام ڕاپەڕین و بەرهەڵستیان کرد، بەڵام ڕاپەڕینەکەیان زۆر بە توندی لەلایەن صدام حسێنەوە وەڵام درایەوە و سەرکوت کرا.
دوای ئەمە صدام ویستی بە هەمان شێوە ڕاپەڕینی کوردەکانیش سەرکوت بکات و هێزی بەرەو کوردوستان نارد. لە ئەنجامدا ژمارەیەکی بێشوومار لە کوردەکان لە ترسی لەناوچوون بەرەو ناوچە سنوورییەکان هەڵهاتن [کۆڕەو].

ئەم کارەساتەش وای لە وولاتە هاوپەیمانەکان کرد کە [Fly Free Zone] بۆ باکووری عێراق دابنێن و بەپێی
[Resolution Nr. 688] نەهێڵن فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق، ئاسمانی کوردوستان ببەزێنن.
لە دوای ساڵی [1991] ەوە گەلەها دانووساندن لەگەڵ حکومەتی عێراقی بۆ ڕێککەوتنی کورد و عەرەب کرا، بەڵام هەمووی لەسەر پرسی سنووری کوردوستان و پرسی نەوت و دابەشکردنی، سەری نەگرت.

لە ئایاری [1992] دا پەرلەمانی کوردوستان دامەزرا و دەسەڵات لە نێوان دوو حیزبە سەرەکیەکەی کوردوستانی عێراق [ینک] و [پدک] دا دابەشکرا و پەرلەمان، جاڕی هەرێمی ئۆتۆنۆمی دا، کە

Sawan!

پێکهاتبوو لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆک. شاری کەرکوک لەژێر دەستی حکومەتی عیراق دا مایەوە.

بە پێی ڕا و بۆچوونی سیاسەتمەدارانی جیهانی، عێراق شەڕی هەشت ساڵەی لە دژی ئێران بردەوە، بەڵام زیانێکی زۆری بە ژێرخانی ئابووری وولاتەکەی خۆی گەیاند و عێراقی خستە ژێر قەرزێکی هێجگار زۆرەوە.
دۆڕاندنی شەڕلە دژی هاوپەیمانان لە ساڵی [1991] داو سەپاندنی حەصار بەسەر عێراقدا، عێراقی بەجارێک لاواز کرد و عێراقێکی بووژاوەی ساڵانی [1970]ی کرد بە عێراقێکی هەژاری بێهێز.

Sawani